# لۆکا تۆنی:
# حەز دەکەم تەنیا بۆ ناپۆلی یاری بکەم

هێرشبەری نێودەوڵەتی بەناوبانگ لۆکا تۆنی رایگەیاند کە ناتوانێ لە هیچ یانەیەك یاری بکات، تەنیا یانەی رۆما نەبێت. ئەویش لە یاری گواستنەوەی زستانەی یاریزانەکان. لەگەڵ ئەوەیدا چەندین یانەی بەناوبانگی ئەورۆپا گرنگییەکی زۆر بە ناوبراو دەدەن. بۆ نموونە یانەکانی میلان و ناپۆلی و چێلسی ئینگلیزی. تۆنی لە لێدوانێکیدا لەگەڵ رۆژنامەی لاگەزیتا دیلی سپۆرت گوتی: دەمەوێ بۆ یانەی رۆما یاری بکەم هیچ یانەیەکی دیکە لای من گرنگ نییە. ئەمەش وەڵامێکە ئاراستەی یانەکانی میلان و ناپۆلی و چێلسی کرد، کە "ئەنشیلۆتی" نیازی وابوو بەهێنانی "تۆنی" شوێنی "درۆگبا" و "کالۆ" پڕ بکاتەوە کە بەشداری پاڵەوانییەتی ئەفریقیا دەکەن. جان پاولۆ مونتالی سەبارەت بەو

دوای ئەوەی کە یانەی باڤاری دەستبەداری بێت کە ماوەیەکە پەیوەندی لەگەڵ راهێنەری هۆڵەندی لویس ڤان گال باش نییە. راهێنەر "لویس ڤان گال" تۆنی لە پێکهاتەی سەرەکی یانەی باڤاری دوورخستەوە، دوای ئەوەی RAY TV ئیتاڵی لێدوانێکی دابوو، کە پەیوەندی لەگەڵ راهێنەری باڤاری بەرەو خراپ دەڕوات. بۆیە تۆنی دەیەوێ لەم چاڵە دەرباز بێت و بگەرێتەوە ئیتاڵیا، سەرۆکی تازەی یانەی باڤاری ئولی هۆنیس لە لێدوانیکێدا گوتی: ئامادەیین بە بێ بەرامبەر، پارە تۆنی

بە شێوەی خواستن بدەینە هەر یانەیەك بەو مەرجەی یانەکە بە یەکجاری دەستبەرداری بین. تۆنی ساڵی ٢٠٠٧ پەیوەندی بە یانەی باڤاری کرد و لە هەمان ساڵدا بە تۆمارکردنی ٢٤ گۆڵ بووە گۆڵکاری خولی بوندسلیگا. تۆنی تووشی سزایەکی پارە هات دوای ئەوەی لە نیوەی یاریدا لەگەڵ "شاڵکە" بە بێ پرس یاریگای بەجێهێشت و دوای گەڕایەوە، هەرچەندە لەبەردەم برادەرەکانی داوای لێبوردنی لەو کارەی خۆی کرد. تۆنی تەمەن ٣٢ ساڵ حەز دەکات لە یانەی رۆما یاری بکات، چونکە پێکهاتەی سەرەکی مسۆگەرە، رەنگە لەو یانەیە بتوانێ گۆڵ تۆمار بکات و ببێتە رێگە خۆشکەرێك بۆ گەڕانەوەی بۆ ریزی هەڵبژاردەی ئیتاڵیا. دەزگاکانی راگەیاندن وای بۆ دەچن کە ئەم بۆندەی لەگەڵ رۆما سەرنەگرێ، چونکە تۆنی ساڵانە داوای سێ ملیۆن یۆرۆ دەکات. "کلاودیۆ رانییری"



لێدوانەی تۆنی گوتی: ئێمە دیراسەی ئەو حاڵەتە دەکەین و هەموو شتێك گۆڕانکاری بەسەر دادێت، چونکە تا ئێستا بۆند مۆرنەکراوە، بەڵام کە تۆنی خۆی حەز دەکات کە لە رۆما یاری بکات، بەخۆشحاڵیەوە دەڵێم تۆنی یەکێکە لە یاریزانەکانی یانەی رۆما، بەڕێوەبەری کارەکانی تۆنی تۆلیۆ تینتی دەڵێ: یانەی پایتەخت چانسێکی باشی هەیە کە پاڵەوانی جیهانی دێتە ریزی یانەکەی، چاودێران وای بۆ دەچن کە تۆنی بەشێوەی خواستن بچێتە رۆما و لە هاوینی داهاتوودا بەفەرمی بچێتە یانەی رۆما و بۆندی لەگەڵدا مۆربکات. رۆژنامەی ( کوریێری دیلی سپۆرت) رایگەیاند کە یانەکانی میلان و رۆما و ناپۆلی هەوڵ دەدەن تۆنی بهێننە یانەکانی خۆیان،

راهێنەری رۆما بە دوای یاریزانێك دەگەڕێ کە هێرشبەرێکی بەهێز و خاوەن کەللەیەکی باش بێت و بتوانێ گۆڵ تۆمار بکات، کە ئەم نیشانانەش لە تۆنی بەدی دەکرێ، لە لایەکی دیکەوە کاپتنی یانەی رۆما "فرانشیسکۆ تۆتی" خۆشحاڵە بە هاتنی یاریزان لۆکا تۆنی و داوای لە بەرپرسان کرد گەر دەیانەوەی یانەکەیان باشتری بێت و زۆرتر گۆڵ تۆمار بکات، با یاریزان تۆنی بهێنن. سەرۆکی یانەی ناپۆلی ئۆریلیۆ دی لۆرنتیس دەڵێ من یاریزان "تۆنی"م دەوێ و سوودی لێوەر دەگرم، گەر بیەوێ پەیوەندیمان پێوە بکات.

# نازناوی یانە ئینگلیزییەکان لە چییەوە هاتووە

جەماوەری وەرزش دۆست، لە کاتی سەیرکردنی یارییەکانی خولی ئینگلتەرە لە بیژەری یارییەکان گوێبیستی نازناوی یانەکانیان دەبن، بەڵام نازانن مانای ئەم نازناوە چییە، بۆیە بە پێویستی دەزانین مانای زۆربەی نازناوی یانەکانی خولی ئینگلتەرە باس بکەین.

**مانچستەر یونایتد**

یانەی مانچستەر یونایتد بە نازناوی (RED DEVILS) ناسراوە، واتە شەیتانە سوورەکان. ئەمەش بۆ رەنگی دریسی یانەی مانچستەر یونایتد دەگەڕێتەوە، ئەم نازناوە لە سەرەتای شێستەکان لە مانچستەر یونایتد ناونرا.

**چێلسی**

یانەی چێلسی بە نازناوی ( THE BLUES ناسراوە، ئەمەش بۆ رەنگی دریسی یانەی چێلسی کە شینە دەگەڕێتەوە.

**لیڤەرپوول**

یانەی لیڤەرپوول بە نازناوی (LIVERPOOL ناسراوە، واتە سوورەکان. ئەمەش بۆ دریسی یانەی لیڤەرپوول دەگەڕێتەوە کە رەنگی سوورە.

**ئەرسناڵ**

یانەی ئەرسناڵ بە نازناوی (GUNNERS) ناسراوە، واتە تۆپ هاوێژەکان. ئەم ناوەش لە لایەن ئەندامانی کارگێری یانەی ئەرسناڵ ناونراوە.

**ئەستۆن ڤیلا**

یانەی ئەستۆن ڤیلا بە نازناوی (VILLANS) ناسراوە، ئەمەش لە ناوی یانەکە وەرگیراوە.

**بلاکبێرن رۆڤرز**

یانەی بلاکبێرن رۆڤرز بە نازناوی (ROVERS) ناسراوە، واتە گەڕۆکەکان ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە یانەی بلاکبێرن رۆڤێرز لە یاریگایەك جێگیر نەدەبوو بۆ ئەنجامدانی یاری.

**تۆتنهام سپێرز**

یانەی تۆتنهام سپێرز بە نازناوی (SPURS) ناسراوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەکتەرێکی ئینگلیزی لە دوو شانۆگەری شکسپیر کاری کردووە و ناوی هاری توسبیر بووە، بۆیە ئەم ناوەیان لە یانەی تۆتنهام ناوە.

**بۆڵتۆن واندێرز**

یانەی بۆڵتۆن بە نازناوی (WANDERERS) ناسراوە واتە گەڕۆکەکان، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە یانەی بۆڵتۆن لە یاریگایەك بۆ ئەنجامدانی یاری جێگیر نەدەبوو.

**مانچستەر سیتی**

یانەی مانچستەر سیتی بە نازناوی (CITIZENS) ناسراوە، واتای نازناوەکەش (دانیشتووان)ە. ئەمەش جەماوەری یانەی مانچستەر سیتی ئەم ناوەیان لە یانەکەیان ناوە. چونکە هاندەرانی یانەی مانچستەر سیتی لە شاری مانچستەر لە هاندەرانی یانەی مانچستەر یونایتد زۆرترە. بۆیە خۆیان بە هاوڵاتی سەرەکی ئەم شارە دەزانن.

**ئێڤرتۆن**

یانەی ئێڤرتۆن بە نازناوی (TOFFEES) ناسراوە، واتا (تۆفیز) کە ناوی یەکێك لە شیرینییەکانە. ئەم نازناوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا پیرەژنێك جۆرە شیرینییەکی لە ماڵەوە دروست دەکرد لە رێگای کوڕەکەی بۆ یانەی ئێڤرتۆنی دەنارد.

**فۆلهام**

یانەی فۆلهام بە نازناوی (COTTAGERS) ناسراوە، واتا دانیشتووانی خێمە، هۆکارەکەش بۆ ناوی یاریگای یانەی فۆلهام دەگەڕێتەوە. کە بە ناوی کراڤین کۆتاج-ە.

**هال سیتی**

یانەی هال سیتی بە نازناوی (TIGERS) ناسراوە، واتا پڵینگەکان. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا دریسی یانەی هال سیتی لە شێوەی پڵینگ دەچێت، بۆیە جەماوەر ئەم نازناوەی لەم یانەیە ناوە.

**پۆرتسمۆس**

یانەی پۆرتسمۆس بە نازناوی (POMPEY) ناسراوە، ئەمەش نازناوی شاری پۆرتسمۆس-ە

**ستۆك سیتی**

یانەی ستۆك سیتی بە نازناوی (THE POTTERS) ناسراوە، واتا دروست کەری ئەنتیك، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شاری ستۆك بە دروستکردنی ئەم شتە دروستکراوە.

**ویگان ئەتڵەتیك**

یانەی ویگان ئەتڵەتیك بە نازناوی (LATICS) ناسراوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆتایی وشەی ئەتڵەتیك-ە.

**سەندرلاند**

یانەی سەندرلاند بە نازناوی ( THE BLACK CATS) ناسراوە، واتا پشیلە رەشەکان، ئەم ناوە لە لایەن هاندەرانی یانەکە دانراوە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە دەرەوەی یاریگا شوێنێکی حەوانەوەی پشیلەیەکی رەش هەبوو، دوای ئەوەی ئەم پشیلەیە کۆچی دوایی کرد. ئەم ناوەیان لە یانەی سەندرلاند نا.




ئا: رێبین رەمزی



# شەڕی تێـ

## گواردیۆلا گرێبـ

دوای چاوەڕوانێکـی زۆر راهێنـەری یانەی بەرشلۆنە بیب گواردیۆلا هەفتەی رابردوو بۆ ماوەی یەك ساڵ گرێبـستەکەی نوێکردەوە، دوای نوێکردنـەوەی بۆنـدی گواردیـۆلا، سـەرۆکی یانەی بەرشـلۆنە "خوان لاپۆرتا" خۆشـحاڵی خۆی دەربڕی و گوتی:باسـی ناوەڕۆکـی گرێبەسـتەکە ناکـەم، لەگـەڵ گواردیۆلا دانیشـتین هیچ کێشـەیەك نەبوو شتەکان زۆر ئاسان بوون، ئەم راهێنەرە کەسێکی زۆر هێمنـە و حەز ناکات پێ بڵێن باشـترین

## بۆفۆن باشتـ

یەکێتی تۆپی پێی جیهان بۆ مێژوو و ئامار وەرزشـییەکان، گۆڵچی یانـەی یۆڤانتس و هەڵبـژاردەی ئیتالیـا بۆفۆنی لە ماوەی ١٩٨٧ تاوەکو ٢٠٠٩ بە باشـترین گۆڵچی جیهانی دەستنیشـان کرد. چەندین گۆڵچی بۆ ئـەم نازناوە دەستنیشـان کرابوون، بەڵام لـە کۆتاییدا گۆڵچی یانـەی یۆڤانتس بە

# دۆمەنیک لە فەڕەنسا خۆشەویست نییە

راهێنەری هەڵبژاردەی فەڕەنسا "ریمون دۆمەنیك" ماوەیەکە هێرشێکی توندی دەکرێتە سەر و داوای دەست لە کارکێشانەوەی لێ دەکەن. دوای ٥ ساڵ بـەردەوام بوونی لە کارەکـەی و رەخنە و گلەیی جەمـاوەر و دەزگاکانـی راگەیانـدن. دۆمەنیك یەکەمین راهێنەرە کە بتوانێ فەڕەنسـا بۆ سـێ پاڵەوانییەتی گەورە سەربخا، لەوانە کۆتاییەکانی مۆندیالـی ٢٠٠٦ لـە ئەڵمانیـا، جامی یۆرۆ ٢٠٠٨ لە سویسڕا و نەمسا، مۆندیالی ٢٠١٠ لە باشووری ئەفریقیا.

دۆمەنیـك گلەییەکـی زۆری سـەبارەت بـە هەڵسـوکەوتی بەرامبەر دەزگاکانـی راگەیاندن لێ دەکرێ. ئـەو یاریزانە لە یـاری ئەمجارەیدا نەیتوانی یەکجـێ بگاتە قۆناغی کۆتایی، بگرە تووشی یارییەکانی پاشکۆ هات، بۆیە رووبەڕووی هەڵبژاردەی ئێرلەندە بـۆوە. گەر "هێنری" نەبایە کـە تۆپەکەی بـۆ ولیام گلاس نـاردوو گۆڵی بەرامبـەری تۆمار کرد، ئـەوا بوومەلەرزەیەکی گەورە رووی دەدا.

یەکێتی تۆپی پێی فەرەنسـا داوای لە دۆمەنیك کردووە کە خۆڕاگر بێت بەرامبەر ئەو هێرشـانەی لەلایـەن راگەیاندنەکانـەوە دەکرێتە سـەری و کاریگەری لەسـەر دانەنێـت. راگەیاندنەکان و راهێنەرانی پێشووی داوای دەست لە کارکێشانەوەی لێدەکەن.

**رکەبەرەکانی بە ئاشکرا قسەی خۆیان دەکەن**

بە ئاشـکرا و بـێ دوو دڵی خەڵکانـی دژ بە دۆمەنیـك قسـەی خۆیـان دەکـەن، ئەندامی ئەنجومەنی کارگێڕی تۆپی پێی فەرەنسا "گوی شامبیلی" لە لێدوانێکیدا لەگەڵ گۆڤاری "فرانس فوتبۆل"دا گوتی: داوا دەکەم کە دۆمەنیك دەست لەکاربکێشـێتەوە. هەروەها گوتی: رۆیشتنی ئەم راهێنەرەیە دەبێتە هۆی ئەوەی هەڵبژاردەی فەرەنسا هەستێتەوە سەرپێ و دڵی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێ فەرەنسـا خۆش بـکات. رۆژنامەی لۆمۆند دەڵێ: دەبێ بۆندی دۆمەنیك هەڵبوەشێننەوە نەك بە بڕی ٨٢٦ هەزار و ٢٢٢ یۆرۆ، پاداشت بکرێت. بەهۆی ئەوەی کە بە دژواری گەیشتینە مۆندیال. ئـەو مۆندیالەی کـە بە شـەرمەزاری دەچێتە ناوی وەکو سـوکایەتییەکە بە گەلی فەڕەنسـا و یەکێتی تۆپی پێی فەرەنسا، فەڕەنسییەکان دوای دۆڕاندیان بەرامبەر نەمسا بە ئەنجامی ٣-١ گۆڵ و بەرامبـەر بوونیان لەگەڵ رۆمانیا ٢-٢ گۆڵ و سـڕبیا ١-١ گۆڵ، متمانەیان بە هەڵبژاردەکەیان و دۆمەنیـك نەما. دۆمەنیـك نەیتوانی وەڵامی ئەو خۆشەویستییەی جەماوەری فەڕەنسا بداتەوە. راست لەو کاتە ناسکانەدا کە تۆپی پێی فەرەنسا پێیدا تێدەپەڕی، داوای لە خۆشەویسـتەکەی کرد مارەی بکات.

**برادەرە نزیکەکانی داوای دەست لە کارکێشانەوەی لێ دەکەن**

لەگەڵ ئەوەشـدا کـە دەزگاکانـی راگەیاندن و جەماوەری وەرزشی و نزیکترین برادەرەکانی داوای دەست لە کارکێشـانەوەی لێ دەکەن. وەك "دیدی دیشـان" خاوەنـی مۆندیالـی ١٩٩٨ و " ئیمی جاك". جـاك پێیوایە دۆمەنیك لەگـەڵ ئەوەیدا ماوەیەکی زۆرە لە یاریگادایـە، بەڵام نەیتوانیوە هیچ دەستکەوتێك بە دەست بێنێ، دۆمەنیك زۆر کەللەرەق و توندڕەوە. تا گەیشـتە رادەی ئەوەی ئەرژەنتینی لیونێل میسی دەست نیشان نەکردبوو بۆ ئـەوەی ببێتە باشـترین یاریزانی جیهانی کە لە لایـەن فیفا رێکخرا بـوو، هەروەها دۆمەنیك ناوی "میسـی" لە ریزی سێ یاریزانی یەکەمیش دانەنابـوو. ئەوکات دۆمەنیـك دەنگی خۆی بە دیدی درۆگبا و بۆفۆن و واین رۆنی دا. شایانی ئاماژە پێدانە، لـەم دەنگدانە راهێنەرانی زیاتر لە ١٤٧ وڵات بەشـدارییان تێدا کرد و میسـی بە کۆکردنەوەی ١٠٧٣ دەنگ بە پلەی یەکەم هات.



# ـڤێز و شەیتانە سوورەکان دەستی پێکرد



دوای ئەوەی هەردوو یانەی مانچستەر یۆنایتد و مانچستـــــەر سیتی لە یاری چوونـــــی جامـــــی کارلینـــــگ کاپ رووبەڕووی یەکتـــــر بوونەوە، لەم یارییە کارلـــــۆس تێڤێز دوو گۆڵی تۆمار کرد. یانەکـــــەی بـــــە ئەنجامـــــی دوو گۆڵ بەرامبەر گۆڵێك لە یانەی مانچستـــــەر یۆنایتدی بردەوە، لە کاتی تۆمارکردنی گۆڵی یەکەم کارلـــــۆس تێڤیز یاریزانی پێشووی مانچستەر یۆنایتد و یاریزانی ئێستای مانچستـــــەر سیتی خۆشحاڵی خۆی بەرامبەر شـــــوێنی دانیشـــــتنی یاریزانە یەدەگەکانی شەیتانە سوورەکان دەربڕی. سـەرەتای شـەڕەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتـەوە کـە گاری نیڤیـل لە کۆنگرەیەکـی رۆژنامەوان یدا گوتی: تێڤێز ئەو یاریزانـە نییە کە ٢٥ ملیۆن پاوندی پێ بدرێـت، تاوەکو لە یانەی مانچستەر یۆنایتد بمینێتەوە.

بەڵام دوای ئەوەی یاریزانی ناوبراو دوو گۆڵی تۆمار کرد، رووی کردە، گاری نیڤیل ئەم هێمایەی کرد مانای ئەوەیە زۆر قســـان مەکە، بەڵام کاردانەوەی کاپتنی یانەی مان یۆنایتد بەمشێوەیە بـــوو، کە لـــە وێنەکە دیـــارە ئەمەش هێمایەکی زۆر ناشیرنە، دوای کۆتایی هاتنی یارییەکە راهێنەری شـــەیتانە ســـوورەکان فێرگســـۆن گوتی: زۆر یاریزان یانەی مانچســـتەر یۆنایتدی جێهێشـــتووە، لە هەمان کاتدا گۆڵیان لێ تۆمار کردووین، ئەمە شتێکی زۆر ئاساییە. من خۆشحاڵم بەم یاریزانانەی کە لە یۆنایتد یـــاری دەکات، دووبارە دژی مانچستەر سیتی یاری دەکەین لە یاریگەی خۆمان.

جێگەی باســـە رۆژی چوارشـــەممە، یـــاری هاتنی نێوان هـــەردوو یانە لە یاریگەی ئۆلدترافۆرد ئەنجام دەدرێت.

# ـەستی لەگـــــەڵ بەرشلۆنە نوێ کردووە



راهێنەری جیهان. بۆیە دەبێ سوپاسی بکەین و رێزی لێ بگرین.

لە بەرامبـــەردا راهێنەری یانەی بەرشـــلۆنە گواردیـــۆلا خۆشـــحاڵی خـــۆی دەربـــارەی نوێکردنـــەوەی بۆندەکـــەی دەربڕی و گوتی: دەمزانی بۆندەکەم لە یانەی بەرشـــلۆنە نوێ دەکەمەوە، هۆکاری نوێکردنەوەی بۆندەکەم بۆ یـــەك وەرزە، ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، تاوەکو بە باشـــی مامەڵە لەگەڵ دەستەی کارگێڕی تازە بکەم. لە هەمان کاتدا سەیری چۆنیەتی کارەکانیـــان بکـــەم، زۆر خۆشحاڵم لە یانەی بەرشلۆنە.

جێگەی باسە" گواردیۆلا" توانی گەورەترین دەســـتکەوت لەگەڵ یانەی بەرشـــلۆنە بە دەستبهێنێت دوای ئەوەی لە وەرزی رابردوودا، توانـــی ٦ پاڵەوانییەتی لە یەك وەرز بە دەســـتبهێنێت، ئەمەش دەستکەوتێکی مێژوویی بوو.

# ـرین گۆڵچی جیهانە



کۆکردنەوەی ٨٧ خاڵ بە پلەی یەکەم هات. گۆڵچی هەڵبژاردەی ئیسپانیا و ریال مەدرید "ئیکر کاســـیاس" بە پلـــەی دووەم هات. بە کۆکردنەوەی ٧٣ خاڵ و گۆڵچی پێشـــووی هەڵبژاردەی دانیمارك و مانچســـتەر یۆنایتد پیتر شـــمایکل بـــە پلەی ســـێیەم هات، بە کۆکردنەوەی ٦٩ خاڵ.

# کێ لە دوورخستنەوەی



دوای ئەوەی لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان و لیژنەی ئۆڵۆمپی عێراقی و هەردوو یەکێتی تۆپی عێراقی چەندین دیدار و کۆبوونەوەیان لەگـەڵ یەکتری ئەنجامدا، بەمەبەسـتی چارەسـەرکردنی ئەم کێشانەی دوایی کەوا بگەنە ڕێکەوتنێك بۆ گەڕانەوەی یانەکانی هەولێر و نەجەف و نـەورۆز بۆ یارییەکانی جامی یەکێتی ئاسـیا. دوای چەندین جار درێژکردنـەوەی مۆڵەتـی یەکێتی تۆپی پێی ئاسـیا بۆ یانەکانی عێـراق، تاوەکو ئەم لیژنەیە لە بڕیارەکانی پاشـگەزبێتەوە، بەڵام لیژنەی ئۆڵۆمپی سـووربوو لەسـەر بڕیارەکانی خۆی، بۆیە یەکێتی تۆپی پێی ئاسـیا لە دوا بڕیـاری، یانەکانی عێراقی دوورخستەوە. بۆیە لە کوردستان و شەقامی وەرزشی عێراقی نارەزاییەکی توند ئاراستەی دەسـتەی کاتی و لیژنەی ئۆڵۆمپی عێراق کـرا. لە دوا سـاتەکاندا لیژنەی ئۆڵۆمپی عێراقـی لە ژێر پاڵەپەسـتۆی حکومەتی عێراقی ئەم بڕیارەیان هەڵنەوەشاندەوە، کەوا لـە ڕێکەوتنەکان واژۆیان لەسـەر کردبوو، ئێمەش بۆ تیشـك خستنە سـەر ئەم بابەتە راوبۆچوونی ئەم بەرێزانەمان وەرگرت.



دکتۆر ئالان قادر



نەوزاد قادر عەلی

**سـەرەتا دکتۆر ئالان قادر ئەمینداری لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردسـتان، لەمەڕکێشـەکانی ئەم دواییەی کە ئەوان ناوبژیوانی یەکەم بوون گوتی** "بێگومان دەرچوونی بڕیاری هەڵوەشـاندنەوەی یەکێتی تۆپی پێ و نەگەیشتن بەم ڕێککەوتنانەی لە نێوان لیژنـەی ئۆڵۆمپی عێراقی و یەکێتی تۆپی پێ داهەیە، کاردانەوەیەکی سلبی لەسەر ڕەوشی وەرزشی عێراقی بەگشتی و بەتایبەتی لە بواری تۆپی پێدا دەبێت. بەڕاستی ئەم بڕیارە بووە هۆکارێك بۆ ئـەوەی لە هەنگاوی یەکەم سـێ یانەی عێراق لەو بەشداریکردنانە بێبەش دەبن، کەوا لەدەرەوەی عێـراق هەیان بوو، وەك یانەکانی هەولێر و نەجەف و نەورۆز لە فوتساڵ، بڕیـار بوو ئەم یانانـە نوێنەرایەتی عێراق لە پاڵەوانییەتی ئاسیادابکەن، زەرەرمەندی یەکەمی ئەم بڕیارە هەڵانە ئەم سێ یانەیە بوون، ئەگەر بێتو ئەم بارودۆخەی ئێسـتا لە وەرزش بەردەوام بێـت، بێگومان هەردوو هەڵبـژاردەی لاوان و تازەپێگەشـیتوانی عێراقی ئەوانیش زەرەرمەند دەبن، هەڵبژاردەی عێراقیش چاوەڕوانی ئەوەیە کەوا بەشـداری پاڵەوانییەتـی کەنداو بکات. ئەوانیش دەبنە زەرەرمەندی سـێیەم، بێگومان کاردانەوەی خراپیشـی دەبێت، دەبێتە هۆکارێك بۆ گەڕانەوە بۆ دواوە. ئێمە خۆشـحاڵ بووین بەوەی کوردستان بووە دەروازەیەك بۆ کرانەوەی ئابلۆقەی وەرزشـی عێراق بەتایبەتی کاتێك کە هەولێری پایتەخت باوەشی بۆ چەندین ڕووداوی گـەورە و مێژوویی کردەوە. ئێمـە وەکو دەزگا وەرزشـییەکانی کوردسـتان و کاربەدەسـتانی وەرزشـی ئەم دەسکەوتەمان تەنیا بۆ کوردستان نەژماردبوو، بەڵکو بە دەسکەوتێکی گەورەمان بۆ سەرجەم وەرزشکارانی عێراق زانی، لە بارەی بوونی دەسـتی سیاسی لە پشـت ئەم بابەتانە گوتی "مـن زۆرجـار دەمگوت کـەوا ئێمە ناتوانین وەرزش لە سیاسـەت جیـا بکەینەوە، چونکە وەرزش بۆ خۆی سیاسـەتە. ئەگەر تۆ سیاسـەتێکت نەبێت ناتوانـی کارەکانی خۆت بەڕێوە ببەیـت. بەداخەوە ئەوەی کەوا لە عێراق ڕوودەدات سیاسـەت نییە بەڵکو حزبایەتییە یان دەستەگەریەتییە، وەرزش ئیستغلای دەکرێت کە لایەنێك مەرامەکانی خـۆی لە بواری وەرزش پەیڕەو بکات. بێگومـان ئەمەش هەمووی بە زیانی وەرزشی عێراق دەشکێتەوە، بۆیە ئێمە هیچ کات لەگەڵ ئەوەنین. بەردەوام هەوڵی ئەوەشمان داوە کەوا برایان لەوە بگەن ئەم دەسـکەوتانەی کەوا لە کوردسـتان بەدەسـت هاتوون، تەنیا بۆ دەزگا وەرزشییەکانی کوردستان نییە، بەڵکو بۆ ئەوانیشە. دیارە ئێمە تاکو ئێستا لەگەڵ هەندێك ئەقلییەتی دوا کەوتووبەرەو ڕووین، هێشـتا ئەم کێشە چارەسـەر نەبووە لەگەڵ ئەو کەسانە بەم بیر شـۆڤینە و تەسـکانە و بێ مانایانە کاری خۆیان دەکەن، لە پرسـیاری ئەوەی ئەگەر ئەم لیژنەیە لە بڕیاری خۆیان پاشـگەز ببنەوە بۆ هەڵبژاردەکانـی عێراق ئایا ئێوە هەڵوێسـتان چـی دەبێت؟ ناوبراو گوتـی "ئێمە هیچ کات بەشـێوەیەکی ناعاقڵانە بیرمان لـە بڕیاردان نەکردۆتـەوە، هەموو کاتێك کە کێشـەیەك لە وەرزشـی عێراق درووست بێت، هەوڵمان داوە تا ئەوپەڕی توان بڕۆین و کێشەکان بە شێوەیەکی ژیرانە چارەسـەر بکەین. بێ ئـەوەی زیان بە هیچ لایەك بگات، بـەڵام بێگومان بە هەموو کاربەدەستانی وەرزشی بەغدامان گوتووە ئەگەر بێت و بۆ جامی کەنداو لەم بڕیارە پاشگەزببنەوە، ئەوا کێشـەکان قووڵتر دەبنەوە. ئـەو مەرامە شـاراوانەی کە لەپشت پەردەوە هەبووە ئەو کات ئاشکرا دەبێت. ئێمەش بڕیاری پێویست لە کاتی گونجاو بەرامبەر بە هەموو ڕووداوەکان لە کاتی خۆیان رادەگەیەنیـن.، لەبارەی ئاگادارکردنەوە و پرسـکردن بەسەرکردایەتی کورد بەم کێشانەوە گوتـی: "ئێمە لەگەڵ هەمـوو ڕووداوێك زۆر بەوردی مامەڵە دەکەین.

**نـەوزاد قادر عەلـی سـەرۆکی نوێنەرایەتی لیژنـەی ئۆڵۆمپـی کەرکـوك وسـەرۆکی یەکێتـی تۆپـی پێـی کەرکوك لـە بارەی کێشـەکان گوتی** "بە داخێکی گەورەوە ئێمەی وەرزشکارانی کوردسـتان بەتایبەتی لە بواری تۆپی پێ و سـەرجەم بوارەکانـی تر دڵگرانی خۆمـان دەردەبڕین، کـەوا حکومەتی عێراقی بڕیـاری دا کەوا یەکێتـی تۆپی پێی عێراقی هەڵوەشێنێتەوە. تۆزێك دەگەڕێمەوە دواوە ڕۆڵی لیژنـەی ئۆڵۆمپی کوردسـتان بـەرز راگرم،

ئا: کارزان کانەبی

وەرزش

# یانەکانی عێراق بەرپرسە



دوای چوونیان بـۆ بەغدا و چەندین گفتوگۆ بەتایبەتی لە شـارەکانی هەولێر و سـلێمانی کەوا تارادەیـەك هەموو لایەك گەیشـتبوونە ڕێککەوتن و سـودی بۆ هەمـوو لایەك بوو، بۆیە هەموو لایـەك چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد لیژنەی ئۆڵۆمپـی عێراقی لەم بڕیارەی خۆی پاشـگەز بێتەوە بەگوێرەی ئەم زانیارانەی کەوا بە دەستی ئێمە گەیشتبوو، کۆمیتەی تەنفیزی و لیژنـەی ئۆڵۆمپـی عێراقـی ڕەزامەندیان پیشاندابوو لەسەر کۆبوونەوەی سلێمانی ئەمەش ببووە مایەی دڵخۆشـی. هەموو وەرزشکارانی عێراق زیانبەرکەوتووی ئەم بڕیارەشـن. هەموو وەرزشکارانی عێراق و هەموو یانەکان بەتایبەتی یانەی هەولێر کە چەند سـاڵێکە لەسەر ئاستی عێراق پاڵەوانە و بەشداری جامی یەکێتی ئاسیا دەکات. ئەمسـاڵیش جیا لە سـاڵانی تر خۆ ئامادەکردنێکی باشـی بۆپاڵەوانییەتی ئاسیا کردبوو، هەمووومـان چاوەڕوانی ئەوەمان دەکرد ئەمساڵ جیا لە ساڵانی تر حکومەتی عێراقی و بەرپرسـانی وەرزشـی بەغدا پشتگیرییەکی تـەواوی ئەم یانەیـە بکەن و لـەم عەقڵیەتە شۆڤینیەی هەیانبوو دەربچن، بەڵام بەداخەوە بە تەلەفۆنێکی چەند خولەکی ئەم هەموو هەوڵانە بەفیـرۆ چوون. لە بارەی پاشـگەز بوونەوەی لیژنەکە لەم بڕیارە ئایا لە داهاتوودا کاردانەوەی دەبێت، گوتی "بە ڕاستی کاردانەوەیەکی گەورە دروسـت دەبێت، چونکە بەشێکی گرنگین لەم دەستەی گشتی کەوا هەیە، ئەو کات لە لیژنەی ئۆڵۆمپی کۆبوونەوە دەکرێت، بڕیار دەدرێت.

**سـەفین کانەبی سـەرۆکی یەکێتـی تۆپی پێی کوردسـتان لە بارەی ئەم کێشـانە ئەویش بۆچوونی وابوو** "ئەم بڕیارەی لیژنەی ئۆڵۆمپی عێراقی و لیژنە کاتەیەکە و هەموو بەرپرسانی وەرزشی عێراقی لە چەندین کۆبوونەوە لەگەڵ لیژنـەی ئۆڵۆمپی کوردسـتان، کەوا پرۆژەی بەوانـدا هەموو لایەك لەسـەر ئەوە ڕێکەوتن. لە کۆبووەنـەوەکان چەندین بڕیار دەرچوون،یەك لە خاڵە هەرە سـەرەکییەکان ئـەوە بوو دەبێت سـەرۆکی یەکێتـی تۆپی پـێ، عێراقی لە بەغدا نیشـتەجێ بێت. هەموو لایەك لەسـەر ئەوە ڕێکەوتن و کێشـەکان چارەسـەر بکرێت. دوایی چەندین پشووی بەسەردا هات، چەندین پەیوەندیمان بە "بن هەمام" سـەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی ئاسیا کرد، بۆ ئەوەی جارێ بڕیارەکە دوا بخات، بەڵام دوای چەندین خۆهێنان و بردن دیار بوو سـەرۆکی لیژنەی ئۆڵۆمپی عێراقی بانگهێشتی "ناجیح حەمود"ی جێگری سەرۆکی یەکێتی تۆپـی پێی عێراقی کردبوو بۆ ئەوەی ڕێککەوتنەکە واژۆ بکەن هەموو شتێك کۆتایی هاتبوو، وەزیری وەرزش ولاوانی عێراقیش واژۆی کردبوو،وا ڕێکەوتبوون کە کار لەسەر پرۆژەکەی سلێمانی بکەن، بەڵام دیار بوو سەمیر موسەوی لـە کۆبوونەوەکـە هاتبـووە دەرەوە، پەیوەندی بـە حکومەتی عێراقی کردبـوو، عەلی دەباغ ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە "ڕەعد حەمود"ی کردبوو لەسەر ئەم بڕیارەپاشـگەز بێتەوە، ئەم بڕیارەش بڕیارێکی زیاتر سیاسییە نەك وەرزشی، چونکە نوری مالیکـی و برادەرانی نوری مالیکی لە حزبی دەعوە دەیانەوێت ئەگەر لەحکومەتیشـدا نەمان، برادەرانی خۆیان لە شـوێنەکان دابنێن کە پیـاوی خۆیـان بێـت، ئەنجامدانی ئەم پاڵەوانیەتییە مێژووییانەی کەوا لە کوردسـتان ئەنجامدران، جێگای دڵخۆشـی هەموو لایەك بـوون. بەڵام وای بۆ دەچم ئەم دەسـتکەوتانە حکومەتی عێراقی هەرەسـان کرد و پێیان هەزم نەکرا، کەوا شارێکی کوردستان ئەم دەسکەوتانە تۆماربـکات، هۆکاری سـەرەکی ئەم بڕیارانە بوون. وەکو وەرزشـوانانی کوردسـتان ترسێکی زۆر گەورەمان لەوەیە کەوا بۆپاڵەوانیەتییەکانی هەڵبژاردەی عێراق پاشـگەز ببنەوە. ئەو کات کاردانەوەیەکی زۆر بەهێـز ڕوودەدات، خراپیش بەسەر لیژنەی ئۆڵۆمپی عێراقی دەشکێتەوە. لە بارەی هەڵوێستی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لەمەڕ ئەوەی ئەگەر ئەوان پاشـگەزببنەوە لەو بڕیارە ناوبراو گوتی " هەلوێستی خۆمان دەبێت بۆ ئەو کات، بەڵام جارێ هیچ دیار نییە .

**دکتۆرعەبدوڵڵا مەجید سەرۆکی یانەی هەولێر لە بارەی کێشەکان و زەرەرمەندی یەکەمی یانەکەی خۆیەتی گوتی** " وەکو یانەی هەولێر یەکەم زیان پێکەوتووین لەم بڕیارە، ئەگەر بێنە سەر لایەنی دارایی ئەوە پارەیەکی زۆرمان خەرج کردووە، بۆ دابین کردنی بۆند بۆ ئەوەی بەشـداری جامی ئاسـیا بکەین، تا بتوانین ئەنجامێکی باش بە دەسـت بهێنین، بەپلە یەك ئەو هەموو بۆندەمان مۆر کرد. ئەگەربمانزانیایە بەشـداری جامی ئاسـیا ناکەین، یاریزانانـی کەمترمان دەهێنا. لـە ڕووی تەکنیکی وەکو مێژووی یانەش ئێمە زەرەرێکـی زۆرمان کرد، ئەمجـارەش دابڕاین لە خولەکانی نێودەوڵەتی. ئەوە دووسـێ ساڵە ناوێکی باشمان دەرکردووە، چ لە وڵاتانی ئاسیا، چ لە وڵاتانی ئەوروپاش. ئێستا خەڵکێکی زۆر یانەی هەولێر دەناسـێ ئەمـەش کاریگەری لەسـەر یانەی هەولێر دەبێت. شاری هەولێریش زەرەرمەند بوو لەسەر ئاستی کوردستان، چونکە تیپەکان دەهاتنە ئێرە پەیوەندییەکی باش درووست دەبوو لە گشـت ڕوویەك و هەموو کەناڵەکانی عەرەبی دەهاتنە شـارەکە لەبواری ماددییەوەش سوودی هەبوو. سەبارەت بەهەبوونی دەستێکی سیاسی لە پشت ئەم کارەدا گوتی: " بەتەئکید ئەو هەموو کارانەی کەوا لە هەولێر سـازدرا، بێگومان حکومەتـی بەغدا پێی خۆش نەبوو. دەسـت تێوەردانی عەلی دەباغ مانای دەسـت تێوەردانی نـوری مالیکییە، ئەگەر بێتو ئەوان ماوەیەکی تر لە بڕیارەکەیان پاشـگەز ببنەوە، هەڵوێسـتی ئێوە چی دەبێت؟ لەم بارەوە گوتی "هەڵوێستی ئێمە هیچ نابێت، چونکە هیچمان پێ ناکرێت و حکومەتمان هەیە"



سەفین کانەبی



دکتۆرعەبدوڵڵا